






# خشڵ و ئێکسسواری زیو لە ڕەمەزاندا پەسندە

زۆربەی ئافرەتان خولیای پۆشینی خشڵ و ئێکسسوارەکانن، ئەو خشڵانەی کە هەمیشە بەرچاون و خواستیان لەسەرە بریتین لە: ئەڵقە و ئەنگوستیلە، گوارە، ملوانکە، بازن، جگە لەوانی دیکەش کە بۆ بۆنە و یادی تایبەت لەبەر دەکرێن، لە مانگی ڕەمەزانیشدا، ئەگەرچی خانمان هێندە گرنگی بە ماکیاژ و جوانی خۆیان نادەن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە یەکجاری دەستبەرداری جل و ئێکسسوارەکان بن، بەڵکو دەکرێت گۆڕانکاری لە جۆر و شێوە و شێوازی خشڵەکانیان بکەن تا لەو مانگەدا بیپۆشن و بەبێ ئەوەی قسەشیان بێتە سەر، زۆربەی پسپۆڕانی خشڵەکان دەڵێن: لە یاد و بۆنە ئاینییەکان دەکرێت خشڵی زیو بەکاربهێنرێت، چونکە گونجاوترین ئێکسسوارە لە ڕووی ڕەنگ و شێوازەوە، هەروەها کزی ڕەنگیشی کەسایەتی بە کەسەکە دەدات و هێندەش بریقەدار نییە تا لە بەرچاوان بێت، جگە لەوەی لەگەڵ هەموو جۆرە جلێکدا دەگونجێت، ئەو جۆرە خشڵانەی زیو کە لەو مانگەدا باون بریتیین لە: ئەڵقە و ئەنگوستیلە، بازنی بچووک، ملوانکەی باریک، گوارەی تەنک.



# هەڵسوکەوتی توند و تووڕەبوون لە مانگی ڕەمەزاندا

لە مانگی ڕەمەزاندا، بەهۆی برسێتی و کاری زۆرەوە ڕەنگە تووڕەبوون و هەڵچوونی زیاترت پێوە دیار بێت، لەلایەکی دیکەشەوە منداڵەکانت زیاتر لە پێویست لەو مانگەدا داواکارییان دەبێت و ڕەنگە ئەوەش ببێتە هۆی تووڕەبوون ونیگەرانیت. ڕەنگە هەندێ جاریش بەهۆی ئەوە بکەویتە گیانی منداڵەکانت و هەندێ جاریش لە خۆتەوە بەسەریاندا هاوار بکەیت، ئەم هەڵسوکەوتەت جگە لەوەی وەك دایکێکی خراپ دەتکەویتە بەرچاوی جگەرگۆشەکانت، هەروەها دیمەنی ڕەمەزان و بەرۆژووبوونیش لە دیدی منداڵەکانت دەشێوێنێت، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێتە هۆی نەخۆشیی دەروونی بۆ خودی خۆت. لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بۆ خراپبوونی ئەو هەڵسوکەوتانە دەکەن، بەڵام بەپێی ڕێنماییەکانی پسپۆڕان دەتوانیت کۆنترۆڵی تووڕەبوون و باری دەروونیت لەم چەند خاڵەدا بکەیت:

هەوڵبدە سەرەتا ڕێگری لە هەڵە و کێشەنانەوەی منداڵەکانت بکەی، بۆ نموونە، دەرگای کەونتەر با هەمیشە داخراو بێت و کەرەستە شووشەکانت هەڵبگرە با لە بندەستان نەبێت، بەم جۆرە منداڵەکانت یاری بە کەرەستەکانت ناکەن و نایشکێنن، بەر لە دەرچوونت منداڵەکانت تێر خواردنت بکە، نەوەك خۆیان هەوڵبدەن بچنە نێو سەلاجە و شتەکان بڕژێنن. کەسێکی نەرم بە و وامەکە توندوتیژی بەرامبەر منداڵەکانت بکەیتە کەلتوور، ئەگەر وابێت ئەوان دەیانەوێت تاقی بکەنەوە، بزانن چی دەکەیت. جار جارە ئامۆژگاری منداڵەکانت بکە و بەراوردیان بە کەسانی دیکەی باشتر بکە، واچاکە فەرامۆشیان نەکەیت و ئاگاداری هەڵسوکەوتەکانیان بیت. ئەگەر کارێکیان کرد، هێندە توند مەبە لە سزادانیان، بەڵکو شێوەی سزادانت با ئامۆژگاری و پەروەردەیی بێت، نەوەك لێدان و هاوارکردن.





# شێوازەکانی بەستنی ڕەفتە لە مانگی ڕەمەزان

بەشێکی زۆری ئافرەتان لە مانگی ڕەمەزاندا سەرپۆش، یان ڕەفتە لەسەر دەکەن، وەك ڕێزێك بۆ مانگەکە، یان ئەوانەی هەمیشە سەرپۆش و لەچك لەسەر دەنێن، چ لە ڕەمەزان بێت، یان پێش و دواتر، بەڵام ڕەنگە هەموو خانمێك شارەزای جۆر و شێوازەکانی بەستنی ڕەفتە نەبن، لێرەدا چەند شێوازێکیان بۆ ڕوون دەکەینەوە و تۆی خانمیش بزانە کامەی لەگەڵت دەگونجێت بۆ سەر و پرچتی بکە:

شێوازی لەفی بەستنی ڕەفتەی سادە: ئەو جۆرە بە شێوەیەکی ئاسایی دەبەسترێت، کە وەك پارچە قوماشێك دەخرێتە سەر سەر و بەشەکانی دیکەی بە ئارەزووی کەسەکە دەکەوێتە سەر شان و سینگ و پشت، ئەو شێوازە ماوەی چاککردنی پێویست نییە، بە چەند چرکەیەك جێبەجێ دەبێت، بۆ دەرچوون و ماڵ و کاتی دەوام دەگونجێت.

شێوازی تۆربان: مۆدێکی ناسك و ناوازەیە، کە لەسەر سەر دادەنرێت و بە تەوقە جێگیر دەکرێت، بەشەکانی دیکە دەکرێنە شێواز و مۆدی جۆراوجۆر کە بە دوو لەف دەسوورێنرێتەوە بەسەر مل یان دەچێتەوە سەر سەر تا لەگەڵ بەشەکەی دیکدا شیك بکرێت.

شێوازی لەفی تورکی: مۆدێکی سەرنجڕاکێشە، کچانی تورك و شیشانی ئەو مۆدەیان داهێناوە، بریتییە لە دوو لەچك یان پارچە قوماش و لەچکێك، بەسەر یەکەوە دەبەسترێن و بەشێکی زۆری نێوچەوانیش دادەپۆشێت، کە لەگەڵ مۆدی جلوبەرگدا ڕێکدەخرێت.

شێوازی لەفی توند: مۆدێکی دیکەیە کە ڕەفتە و لەچك بە شێوەیەکی توند دەبەسترێت و بەشێکی زۆری سینگ دادەپۆشێت، بۆ ئەو کاتانە گونجاوە کە نوێژ بکەیت، یان بۆ چوونە مزگەوت و دانیشتن لەگەڵ کەسانی نەناسراو.

شێوازی لەفەی کلاسیك، کۆن: مۆدێکی سادەیە، ڕەفتە لەسەر سەر دادەنرێت و بەشەکانی دیکەی دەخرێتە پشتی مل و لەوێوە لەیەکتر دەبەسترێت، تا لەچەکەکە جێگیر بێت.

## رەنگاورەنگ و شووشە



گەنمەشامی شێوە شووشە و هەمەڕەنگ، یەکێکە لە جوانترین بەرووبوومەکانی کشتوکاڵ لە جیهان، کە بیرۆکەی ئەو جۆرە گەنمەشامییە لەلایەن کەسێکی ئەمریکی بە ناوی (کارل بارنز) سەریهەڵدا، کە بەپێی چەند توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و دەستکاری لە جیناتی نێو ئەو رووەکە، توانی شێوەی بەرهەمەکەی لە رەنگی زەردەوە بۆ هەمەڕەنگ بەرهەم بهێنێت. کارل لە ساڵی (١٩٩٥) ئەو بیرۆکەیەی بە مێشکدا هات، دوای ئەوەی توانی بگات بە چارەسەری لێکۆڵینەوەکانی، توانی گەنمەشامی رەنگاوڕەنگ بچینێت و بەرهەمی بهێنێت. سەرەتای چاندنی ئەو جۆرە گەنمەشامی لە ویلایەتی نیومەکسیکۆ بوو، دواتر توانییان ئەو بەرهەمە لە تەواوی ئەمریکا بچێنن، کە هەمان تام و بۆن و چێژی دەرەی رەنگ زەردی هەیە. تا ئێستاش ئەو جۆرە گەنمەشامی لە ئەمریکا بەرهەم دەهێنرێت، چونکە خواستێکی زۆری لەسەرە بۆ رازاندنەوەی سەر سفرە و هەروەها سەرنجی منداڵانیش بۆ خۆی رادەکێشێت.

## جوانترین و ترس



هوتێلی لۆکاڵ، یەکێکە لە خۆشترین و ناوازەترین هوتێلەکانی جیهان، کە دەکەوێتە سەر رووباری (ماوریس) لە ویلایەتی نیوجێرسی ئەمریکی، ئەو هوتێلە لە شێوەی کابینە و خانووەکانی ئەسکەندەنافی دروست کراوە، واتە لە شێوەی پیتی (A)ی ئینگلیزی وایە، بیرۆکەی ئەو خانووانە لەلایەن کۆمپانیای (California Redwood ) لە شەستەکانی سەدەی رابردوو دروست کراوە، تەواوی ئەو خانووە لە دار

## شاخەوانێک (٢٢) جار لە چیای ئیڤرێست سەردەکەوێت



شاخەوانی و سەرکەوتن بەسەر چیا و کێوە بەرزەکاندا، کارێکی ئەستەمە و بە هەموو کەسێك ناکرێت، جگە لەوەی توانا و هێزێکی زۆری دەوێ، هەروەها شارەزایی و زانیاری لەسەر چۆنیەتی سەرکەوتن و خۆگرتنی دەوێت و پێویستی بە لێهاتوویی هەیە. زنجیرە چیاکانی ئێڤرێست کە یەکێکە لە بەرزترین چیاکانی جیهان، کەسێکی

## ـــــــــناكترین هوتێل

دروست کراوە، کە جێگەی (٨ تا ١٠) کەس دەبێتەوە. ئەوەی سەیرە لەو شوێنەدا، کە نزیك دارستانە، لە شەودا زۆربەی گیاندارە دڕندەکانی وەك: شێر و پڵنگ و گورگ لە دەوروبەری ئەو خانووەدا بۆ بەدەستهێانی خواردن کۆ دەبنەوە، ئەوەش وادەکات کە گەشتیاران لە پەنجەرەکانی ئەو هوتێلەدا سەیری رووخساری گیانداران بکەن بەبێ ئەوەی زیانیان پێبگات، بەم چەشنە دەبێتە یەکێك لە جوانترین و ترسناکترین هوتێل لە جیهان.





# یاری و گەمەی کوردەواری لە شەوانی رەمەزان

دوای ئەوەی رۆژووانان لە بەربانگدا، رۆژوویان دەکەنەوە و پاش نوێژی تەراویح، زۆربەی گەنجان و پیاوان روو لە شوێنە گشتی و ناوەندەکانی تەرخانکراو بۆ یاری دەکەن، بە مەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێیان و دۆست و خزمان، لە زۆربەی شوێنە گشتییەکانی شەوانەدا وەك: باخچە و ماڵ و دیوەخان و کافێ و چایخانەکاندا، چەندین یاریی کۆنی کوردەواری و یارییە تازەکانی سەردەم بوونەتە جێگەی کات بەسەربردنی ئەوانەی خولیای یاریکردنن، بەتایبەت یارییە میللەکانی وەك: سینی و زەرف/ یان سینیانێ، کڵاوێن، کەڵەمستانێ، دامە، دۆمینە، تاوڵە، ئۆکەی کە یارییەکی سەردەمە زۆربەی گەنجانی بۆ خۆی راکێشاوە. بەڵام دیارترینیان یاری سینییە، شێوازی یارییەکە بریتییە لە سینیەك و (١١) زەرف و شەش یاریزان، یاریزانەکان بەسەر دوو گرووپی سێ کەسیدا دابەش دەبن، سەر سینییەکە بە شیلاو دەکرێت، تاوەکو زەرفەکان لەسەری جێگیر بێت تا زارەکەی لە نێو یەکێك لە زەرفەکان بشاردرێتەوە، یاری کڵاوێنیش کۆمەڵێك کڵاو دادەنرێت و ئەنگوستیلەیەکیش لەلایەن یەکێك لە یاریزانەکان دەخرێنە ناو یەکێك لە کڵاوەکان، پێویستە گرووپی بەرامبەر ئەنگوستیلەکە بدۆزێتەوە، هەرچی یارییەکانی دیکەیە شێوازیان بڵاوە و ئاشکرایە، یاری ئۆکەی کە سالانێکە دەرکەوتووە هاوشێوەی یاری کۆنکانی کۆنە، بەڵام ئەو یارییە لە جیاتی بە وەرەقە بکرێت، بە پوولی دروستکراو لە باغە و ئێسك دەکرێت.






خەڵکی وڵاتی نیپال توانی (٢٢) جار سەر ئەو چیا بەرزە بکەوێت، ئەو شاخەوانە ناوی (کامی ریتا شێربا)، توانی بگاتە بەرزی (٨٨٥٠) مەتر بەرزی بە رێگەی (ساوت ئێست رێدج)، ئەو گەشتەی کامی لەگەڵ (١٣) هاوەڵی خۆی بوون و توانییان بۆ (٢٢) جار بگەنە سەر چیای ئێڤرێست، ئەو پێشبڕکێیە بۆ کۆمەڵێك شاخەوانی وڵاتان رێکخراوە، کە کامی رێتای نیپاڵی پلەی یەکەم و خێراترین شاخەوانی بەدەستهێنا. وەك خۆی دەڵێ: بێزاربووم هێندەی سەردانی ئەو چیا بەرزە بکەم، هەریەکە لە (ئیدمۆند هیلاری) ئوستراڵی و (تینترێنگ نۆجاری) لە نیوزیلەندا توانییان لە ساڵی (١٩٥٣) بگەنە سەر چیای بەرزی ئێڤرێست.




## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا، باڵندەیەك بێچووەكانی لە ژێر خۆی ناوە، هەوڵبدە بزانیت كە ژمارەیان چەندن و بۆچی (٩) قاچ لە وێنەكەدا دەبینرێت، خۆی دەبێ ژمارەی قاچەكان جووت بێت، نەوەك تاك.




## پەند و وتە

جۆن دەیڤس، پارێزەر و بیزنیسمانی ئەمریكی، كە ماوەی (٢٥) ساڵی لە خزمەتی گشتی بەسەربردووە، ساڵی (١٧٨٧) لە شاری ماشاسیوتیش لە ئەمریكا لەدایكبووە و لە ساڵی (١٨٥٤) كۆچی دوایی كردووە، دەربارەی جیاوازیی خەڵك گوتوویەتی: ڕەنگە ئێوە هەموو بە من پێبكەنن كە من جیاواز بم لە بیركردنەوە و هەڵسوكەوت لەگەڵ ئێوەدا، منیش بە ئێوە پێدەكەنم كە هەمووتان هاوشێوەن.



## قورسترین بەرگە مۆبایل

بۆ ئەوانەی حەز بە یاریی لەشجوانی دەكەن، پێویستە كەرەستەی ئاسنەكانی نێو هۆڵی لەشجوانی و جیم هەڵگبرن تا ماسوولكەكانی دەست و بازوو و جەستەیان دەربكەوێت، گەنجانی ئەو سەردەمەش زۆر هۆگری بەكارهێنانی ئامێرەكانی مۆبایلن و تەنانەت لە كاتی وەرزشكردنیش چاوێكیان لەسەر مۆبایلەكانیانە، هەر بۆیە كۆمپانی (سۆفت بانك) ی چینی، قورسترین بەرگی مۆبایلی دروست كردووە، كە هەم بۆ وەرزشكردن بەكاردێت و هەروەها دەتوانی سەیری تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانیش بكەیت، نرخی ئەو بەرگە (١٠٠) دۆلارە و كێشەكەی (١٠) كیلۆگرام دەبێت، دەتوانیت مۆبایلەكەت بخەیتە ناوی و وەرزشیشی پێبكەیت.



## بۆ زانیاریت

### هێماكانی ناو داشبۆردی ئۆتۆمبێل بناسە

**بەشی یەكەم**

هێماكانی سەر داشبۆردی ئۆتۆمبێل زۆرن، هەندێكیان زۆر سادە و ساكارن كە پێویست بە ڕوونكردنەوە ناكات، بۆ نموونە گڵۆپی ئیشارەت، یان بەنزین، بەڵام زۆر هێمای دی هەن كە ماناكانیان نازانین، زۆربەی ئەو هێمایانە ئاماژە دەكەن بە بوونی هەڵەیەك لە ئۆتۆمبێلەكەت، بزانە هەر هێمایەك ئاماژە بە چی دەدات:

١- لایتی تەمومژی پێشەوە: تیشكەكانی ڕووناكی ئاسایی لەكاتی باران، یان تەمومژ دەشكێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی جوان نەبینینی ڕێگاكە، بەڵام لایتی تەمومژ جۆرێكی تایبەتە كە بەناو تەنۆلكەكانی تەمومژدا دەڕوات، لە كەش و هەوای نە گونجاو پێ دەبێت.

٢- كێشە لە سوكان: ناتەواوییەك لە سوكانی ئۆتۆمبێلەكەت هەیە.

٣- لایتی تەمومژی دواوە: تیشكەكانی ڕووناكی ئاسایی لەكاتی باران، یان تەمومژ دەشكێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی جوان نەبینینی ڕێگاكە، بەڵام لایتی تەمومژ جۆرێكی تایبەتە كە بەناو تەنۆلكەكانی تەمومژدا دەڕوات، لە كەشوهەوای نەگونجاو پێ دەبێت.

٤- كەمیی شلەی خاوێنكردنەوە: ئاو یان شامپۆی پاككرنەوەی جامەكان كەمە.

٥- تەنكبوون، یان نەمانی بەنسەكانی ستۆپ.

٦- خێرایی دیاریكەر: لەكاتی گەشتكردن، یان لە ڕێگا دوورەكان دەتوانی ئەو خێراییەی دەتەوێت دیاری بكەیت و بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی ئۆتۆمبێل لەم خێراییە نە زیاد دەكات و نە كەم دەكات.

٧- گڵۆپی ئاگاداركردنەوەی لادان.

٨- باران و لایتی هەستیار: زۆرێك لە ئۆتۆمبێلە گرانبەهاكان ئەم تایبەتمەندییەیان هەیە لە كاتی سوڕانی سوكان لایتەكان لەگەڵی دەسوڕێن، یان لەكاتی باران لایتەكان دەگۆڕێن، یان گۆشەی ڕووناكییان دەگۆڕن.

٩- بوونی بەفر، یان سەرمایەكی زۆر، پلەی گەرمایەكی زۆر نزم.

١٠- نیشاندەری زانیاری.



### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەمیشە لە دوای ئەنجامی كارەكانت، لە هەڵەكانت دەگەیت، لەمەودا چاكترە پێشووتر هەنگاوە هەڵەكان دیاری بكەیت، تا ئەنجامی باشت دەست بكەوێت. بیركردنەوە لە ژیان گونجاوە لەگەڵ ژیانی تایبەتیت، هەوڵبدە لەگەڵ كەسانی زیاتر تێكەڵ بیت. ئەو كێشەیەی ئێستات ماوەیەك دەخایەنێت تا چارەسەر دەبێ.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە ڕێگەی كەسێكەوە چەند قسەیەكت پێ گەیشتووە كە ماوەیەكە بێزاری كردووی، دەبێ ئارام بگریت و بزانی لە داهاتوو چی دەبێت، چونكە بە چاكە بۆت دەگەڕێتەوە، ئەو كارەی بەرامبەرت كرا لەلایەن كەسێكی نزیكت، شیاوی كەسایەتی تۆ نەبوو، بۆیە تا ماوەیەك لەو كەسە دوور بكەوە و پشتگوێی بكە.



### جمك ٥/٢١ - ٦/٢٠

بڕیارەكانت خێرا دەدەیت و بەمەش هەنگاوەكانت بە قورسی بۆت دەگەڕێنەوە، سەرەتای هەر كارێكت چاكترە بیر لە هەموو لایەنەكانی بكەیتەوە. شێوازی ڕەفتارت بەرەو توندی ڕۆیشتووە، لەگەڵ كەسانی نزیكت نەرمتر مامەڵە بكە، كەسایەتیت گونجاوە. لەم كاتەدا بۆ جێبەجێكردنی كارەكانت هەنگاو بنێ.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەست بە ڕووداوەكان دەكەیت بەر لەوەی بەسەرتدا ڕووبدەن، دەتەوێ بەر لە هەر هەنگاوێكت كارەكانت ڕێك بخەیت، بەڵام دواجار بە كێشە بۆت دەگەڕێتەوە، ساتێكی ناخۆشت بەڕێ كرد و لە داهاتووشدا بەرەو هەنگاوی چاكتر دەچیت، ئێستا كارێكت لە پێشە، دەبێ بە وریایی بڕیاری لەسەر بدەیت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بیركردنەوەت لەگەڵ كەسانی دەوروبەرت جیاوازە، ئەوەش وای كردووە كە تێنەگەیشتن لە نێوانتان ڕووبدات و زۆر جاریش دەبێتە كێشەتان، هەوڵبدە خاڵی هاوبەش لە تێگەیشتنی نێوان خۆت و كەسانی دەوروبەر دروست بكەیت، كەسێكی بیركردنەوەت قووڵە، بەڵام بەپەلە بڕیار دەدەیت و بیری لێ ناكەیتەوە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢


ئامۆژگاری كەسانی دیكە وەربگرە و لەگەڵ بیركردنەوەی خۆت بەراوردیان بكە. كەسێك بە نهێنی چاودێریت دەكات، تۆش ماوەیەكە بەو هەنگاوەت زانیوە، شێوازی ئێستای ڕەفتاركردنت ناگونجێ لەگەڵ بارودۆخی ژیانت، بۆیە دووبارە كارەكانت دابڕێژەوە و كاریان لەسەر بكە، تا داهاتووت باشتر بێت.



## پوختەی فیلم

**بۆماوەیی – Hereditary**

فیلمێکی ترسناك و درامایە، باس لە لێکۆڵینەوەی کچێك بە ناوی (ئیلین) دەکات لە رەگەز و نەسەبی خۆی، کە تا لێدەکۆڵێتەوە، دەبینیت خێزان و کەسانی خۆی توندڕەو و شەڕانگێز بوون، ئەوەش بەهۆی ئەو هەستەی کە لە ناخیدا دەرکەوتووە بۆ حەزکردن بە تاوان و توند و تیژی، فیلمەکە لە دەرهێنانی (ئاری ئاستەر)ە و لە وڵاتی ئەمریکا وێنەی گیراوە، لە نواندنی (میلی شاپیرۆ، تۆنی کۆلێت، ئەلێکس وۆلف و گابرێل بایرن)ـە، ماوەی فیلمەکە (٢) کاتژمێر و (٧) خولەکە، لە نووسینی ئاری ئاستەر و بەرهەمهێنانی کۆمپانیای (پاڵم میدیا، ویندی هەیل پیکتەڕز)ـە.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لەو کەسانە دەکات کە خوویان بە وێنەی سێلفی گرتووە، تەنانەت ئەگەر لە کەشێکی ناهەموار و ناخۆشیشدا بن، وێنە سێلفییەکەی خۆیان دەگرن، وەك ئەوەی لە نێو دەمی نەهەنگ و قرشیشدا بن، بە ستیکەکەیان وێنەیەکی یادگاری دەگرن.



## نوکتە

یەکێك تازە فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبێل دەبێت و لە رێگادا دەڕوات و لە ناکاو لە پشتەوە لە ئۆتۆمبێلێکی پێش خۆی دەدات، دێنە خوارەوە و قسە دەکەن و لە یەکتر خۆش دەبن، بۆ ماوەیەکی دیکە ئەو شۆفێرە لە هەمان ئۆتۆمبێل دەداتەوە، هاوکات سەری لە جامی ئۆتۆمبێلەکەی دەردەهێنێ و دەڵێت: خۆمانین، خۆمانین، مەوەستە!



## خوێندن لە تەمەنی (٨٩)ساڵیدا تەواو دەکات

خوێندن، چ لە تەمەنی گەنجی یان پیری، توانایەکی بەسوود و کاریگەرە، ئەوانەی لە تەمەنی گەنجێتدا ناتوانن لە خوێندنەکانیان بەردەوام بن، ئیدی دەکرێ لە داهاتوودا خوێندنیان تەواو بکەن، هاوشێوەی ئەو ئافرەتە پیرەی کە خەڵکی ویلایەتی ڤیرجینیای ئەمریکییە، توانی لە تەمەنی (٨٩) ساڵیدا بڕوانامەی بەکەلۆریس لە مێژوودا بەدەست بهێنێت، ئەو ئافرەتە ناوی (ئێلا واشنتۆن)ە، دواجار لە زانکۆی (لیبیرتی) لە ڤیرجینیا خوێندنەکەی تەواو کرد، لە تەمەنی (٤٩)ساڵیشدا توانیویەتی بڕوانامەی دیپلۆم لە GED بە دەستبهێنێت، کچەکەی دەڵێ: خۆم و دایکم بە یەکەوە قوتابی یەك زانکۆ بووین و ئەوەش هەستێکی سەیر بوو لەلای من و قوتابیانی زانکۆکەم.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

رێگەی داهاتووت بەرەو چاکتر و روونتر دەچێ، هەمیشە داهاتووت دەستنیشان بکە و بزانە چ هەنگاوێك دەهاوێژی، ئەو ئەرکەی پێت سپێردراوە، وا باشە لە زووترین کاتدا جێبەجێی بکەیت، ئەو کەسەی هەردەم لەگەڵتە و پشتت دەگرێ، تۆش یارمەتی بدە و کاری هاوبەش بکەن، ئەویش پێویستی بە تۆیە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەر هەنگاوێکت دەبێ بە وریایی و ژیرانە کاری لەسەر بکەیت، ئەو ماوەیە لە ئەرکەکانتدا هەڵەت کرد، ئەوەندە پێویست ناکات خەمی پێوە بخۆیت، دەتوانی لە داهاتوودا قەرەبووی بکەیتەوە، کەسێکی باشت هەڵبژاردووە تا پێکەوە بن و لە یەکتر تێبگەن، لە ماوەی داهاتوو بەرەو خۆشی و کاری باش رێگە دەگری.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەست بە کێشەی کەسانی دیکە بکە و یارمەتیشیان بدە، چونکە بیرکردنەوەت بۆ چارەسەری گرفتەکان ژیرانەیە، ماوەیەکە کێشەکانت کەمتر بووە و ئەوەش بۆ ئازایەتی خۆت دەگەڕێتەوە کە بە شێوازێکی شیاو مامەڵە لەگەڵ ژیانت دەکەیت، تەنیا ئەوە نەبێت لەگەڵ کەسێك هەردەم کێشەتان هەیە و لە یەکتر ناگەن.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کاتەکانت بە خێرایی دەڕۆن و تۆش بە زۆربەی هەنگاوەکانت راناگەیت، ماوەیەکە بیر لە داهاتووت دەکەیتەوە و ترسێکت لە بڕیارەکانت هەیە، بۆیە نیگەران مەبە و پێشبینی خراپ مەکە، ئەگەر هەنگاوەکانت بە بڕیاری ژیرانە جێبەجێ بکەیت، داهاتووت باش دەبێت، کەسێك دەیەوێت زۆر لێت نزیك ببێتەوە، رێگەی مەدە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەنگاوەکانت بەرەو چاکتر رێگەیان گرتووە و ئەوانەشی پێشتر دژایەتی تۆیان دەکرد، ئێستا پێچەوانە بوونەتەوە. هەمیشە بیر لە داهاتووی خۆت بکەوە و خۆت بە رابردوو خەریك مەکە، کە بڵێی بۆ وا بوو؟ یان بۆچی وام بەسەر هات؟ مرۆڤی ژیر زیاتر بیر لە داهاتوو دەکاتەوە، نەوەك لە رابردوو، گەشبین بە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بڕیاردانت بۆ نزیکبوون لەهەر کەسێك پێویستی بە بیرکردنەوەی تەواو هەیە. لە داهاتووی خۆت بڕوانە تا بزانیت ئاراستەی ژیانت بەرەو کوێ دەچێ. ئەو کارەی ئێستا پێوەی خەریکی سەرکەوتنی بۆت دەبێت، چونکە هەوڵی تەواوت بۆی داوە، کەسێکی نزیکت دەیەوێ لێت نزیکتر ببێتەوە، بەڵام تۆ رێگەی نادەیت.